# زۆرجار شەكرەدار هۆرمۆنی نێرینەی كەمە !

لە كۆبوونەوەی ساڵانەی (American Diabetes Association) لە شاری San Diego ئاشكرایان كرد كە ئەو توێژینەوانەی لە مەڕ شەكرەداران كراوە نیشانی دەدەن كە زۆرجاران ڕێژەی هۆرمۆنی تێستۆستێرۆنی نێرە لە شەكرەداراندا دوو جاران كەمتربووە وەك لەو ناشەكرەدارەكان .

توێژینەوەكە ئاماژە دەكات كە 13 ملیۆن پیاوی ئەمێریكایی كە تەمەنیان لە سەروو 45 ساڵانەوە بوو تێستیان بۆ كراوە و دەركەوتووە كە ڕێژەی تێسترستێرۆنیان كەمتر بووە ، هەرچەندە چارەسەری كەمیی هۆرمۆنەكە ئاسانە بەڵام تەنیا لە 10٪ یان چارەسەریان وەرگرتووە .

ئەو توێژینەوەیەی لە 96 كلینیكدا ئەنجامدراوە و 2162 پیاوی لە خۆگرتبوو تەمەنی هاوبەشیان 65.5 ساڵ بووە . لە ئەنجامدا دەركەوتووە كە 38.7٪ ی پیاوەكان بە ڕێژەی 2.09 هۆرمۆنی تێستۆستێرۆنیان كەم بووە و لە 23٪ یان شەكرەیان هەبووە .

ئەو پیاوە شەكرەدارانەی هۆرمۆنەكەیان كەم بووە و چارەسەرنەكراون تووشی Hypogonadism بوون و ئەمەش بووە هۆی تووشبوون بە كەمبوونەوە یان نەمانی زەوقی زایەندی (Impotent).

بە پێی ئەو ئەنجامە پێویستە هەموو پیاوێك بە تایبەتی شەكرەداران تێستی هۆرمۆنی ناوبراوی هۆیان بكەن و لە كاتی كەمیی دا چارەسەری هۆرمۆنییان بكەن تا تووشی نەمانی زەوقی زایەندی نەبن .

**سەرچاوە**

1.www.dagensmedicin.se © 050614, 15:13